http://www.angelfire.com/folk/hozak/
29. August 2002
hozak© 2002 DK

# چاوگەی هێزە بێ کۆتاییەکان

پێشەکی :

خوێنەری بەڕێزو خۆشەویست، ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستتدایەکاری کەسێکی پسپۆڕو ئێکسپێرتە نییە، بەڵکوو تەنها فاکتەرەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئاوارەیی و دوور لە وڵاتی وایان لێکردم دەست بە نووسینی ئەم بەرهەمە بکەم.
بەهیوام بەهۆیەوە بتوانم کەمێك سوود بەو ڕەوتی زانستی کۆمەڵ و دەروونناسییە بگەیەنم، کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەداخەوە هەتا ئێستاش گرنگییەکی وەها بەپێزی پێ نەدراوە بۆ بەرەو پێشچوونی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردی بەتاییەت لەم سەردەمەدا کە لە هەموو بارودۆخێکی دیکەی تری ڕابوردی گەلەکەماندا ناسکتر بەرەو ڕوومان بۆتەوە، بە ئومێدی ئەوەم بەچاوێکی داهێنەرەوە ڕەخنەکانتان ئاڕاستەی ئەم پەخشە بکەن تا چ نەبێ کەسێکی دیکە دی، کەتوانایەکی باشتری هەیە لەم بوارەدا و ئەسپی زانستی کۆمەڵ و دەروون بەسەلیقەتر لای لە گۆڕەپانی نهێنییەکاندا سمکۆڵ دەکا، ڕێگای بۆ ئاسان بکرێ و بێت لەم بوارەدا سودێکی باشتر بەکۆمەڵی کوردی بگەیەنێت .

پۆلا سەعید

**********

لەهەموو مرۆڤێکدا گێژەڵوکەی هێزێکی بێ کۆتا هەیە، کەمرۆڤ ڕائەچڵەکێنێ و مرۆڤ لێی تێئەگا هێزێك کە مرۆڤ ئەخاتە سەر ڕێگای ئازادی و سەرفرازیوو ئاوات و حەزەڕاستەقینە گیانییەکان. زۆر لەئادەمیزادانی کۆمەڵگای جیهان سەرقاڵی پێگەیشتن و بەئەنجام گەیاندنی ژیانن، کۆمەڵی کوردیش هەمان شێوە وەك یەکێك لە کۆمەڵگاکانی جیهان خەریکن بەبیرکردنەوە و سەرقاڵی گەیشتن بە ئامانجن لە ڕووی پێگەی بە دەوڵەت بوون و هەنگاوێکی بەر فراوانتر لە ڕوانگەی ڕامیاری و ئابوری و هەروەها فەرهەنگییەوە. لەژیانی کۆمەڵی کوردیدا هەمان شێوە هەست و نەست پێشەوا و ڕێبەری هەر یەك لە مرۆڤێکی کوردە، چاوگەی هێزە بێ کۆتاییەکانی مرۆڤی کورد ڕابەری گەیشتن بەئامانجەکانی مرۆڤی کوردە و پێشەوای ژیانێکی ئاسودەیەتی.
هێزە بێکۆتاییەکانی نەستی مرۆڤ ئەگەر بێتوو هەستی مرۆڤ بتوانێ نەستی هەموو کات بەبیری باش گۆش بکات وە هەموو کات باش بیر بکاتەوە * پۆزەتیف * ئەو کات خێوی لەش ئەو هێزە لەبن نەهاتووەی کە هەموو سات مرۆڤ لەکاتی ڕووخاندا ئەخاتەوە سەر پێی خۆی، ئەبێتە خانەیەك پڕ لەهۆشیاری و ئاگا لەخۆ بوون وەیاخود خانەی پڕ لەبیری باش.
بەداخەوە کە ئێمەی کورد بەهۆی بارودۆخی سەختی ژیانی 400 ساڵەی ژێر دەستەیی بن دەستەڵاتە فاشیستەکانی عوسمانلی و فارسەوە پاشان لەسەرەتای سەرهەڵدانی سەدەی بیستەوە ڕژێمە خوێناوییە یەك لە دوو یەك هاتوەکانی عێراق و لەبەرانبەریش دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان و کۆلۆنیالیزمی نێودەوڵەتی لە پارسەنگی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردا، بێ بەش بووین لەم زانستانە و بابەتەکانی کۆمەڵ ناسی

و زانستی دەروون، لەسەرتاسەری تەواوی کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی بێ بەش کرا بووین لەم تەوەرە بەتایبەت بەزمانی ڕەسەنی کوردی بەبەر چاوی خوێنەری کوردەوە کەم ئاشنا بووە، لەقۆناغەکانی خوێندندا لەپەیمانگا جۆرا و جۆراەکاندا و پاشان قۆناخی زانکۆ بەزمانی عەرەبی دەخوێنرا، خوێنەری کوردیش لەم هەلەدا بوارێکی وەدەست دەکەوت خۆی تێدا ڕۆشنبیر بکات، بەڵام ئەوەی جێگای داخ بوو لەم زانستە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا تەنانەت لەلایەن خوێندکارەکانیشەوە پەیڕەو نەدەکرا بەپێی پێوویست، بۆیە بێ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین هەر یەکێکمان گالیسکەی ڕابوردێکی سەیرو سەمەرەی بەدوای خۆیەوە ڕاکێشاوە. مەخابوون ئەوەیەکەبەردەوام هەڵەکان دووبارە دەبنەوە کۆمەڵی کوردی لەبازنەی بیرێکی تەسکی کۆنەپەرستی خۆیدا کە بەتاڵی دڕکاوی باوەڕی ئاینی تەنیوێتی نایەوێ بێتەدەر تا هەنگاوێك نەنێتە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردییەوە خۆی لەگەڵ ژیانی مۆدێرنی سەردەمدا بگونجێنێ، کە ئەمەش لە مێژە لە لایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە کاری ستراتیژی بۆ کراوە بەداو و تەپکەی ئاینی ئیسلام دەمێکە ڕەوتی ڕۆشنبیری ئەم گەلەیان گرتووە ناهێڵن گەلی کورد لەسنوری باوەڕی تەسکی ئایینی خۆیدا وەدەر بکەوێت.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ بچینە قووڵایی هەستی نەتەوەیی خۆمانەوە تا لەکەلێنی باسەکە دەرنەچین دەگەرێیینەوە سەر باسەکەی خۆمان،

مرۆڤ هەموو کات ئەتوانێ خێوی لەشی خۆی وەك منداڵێکی ساوا پەروەردە بکات، کەدەڵێین خێوی لەش مەبەستمان لە گیانی مرۆڤە کە ڕووکەشی لەناوەوەی بەدەنی مرۆڤدایە و نابینرێ هەر بۆشە ناوی نراوە خێوی لەش.

لێرەدا تەمەن هیچ کارێك لەم گۆڕانە ناکات کە مرۆڤ دەیەوێ بەسەر خۆیدا بهێنی . بەڕێزت زۆر ئاسان دەتوانی لە ئێستاوە بڕیار بدەیت لەسەر ئەو بەرنامەیەی لە هەستتدایە پەیڕەوی بکەیت، پەیکەر و خانەی بیرکردنەوەی خێوی لەشت تێك بدەیتەوە و جارێکی دی بە شێوەیەکی باشتر دروستی بکەیتەوە، مرۆڤ گیاندارێکی زۆر بەنرخەو هەموو شتێکی لەتواناڈا هەیە ئەگەر بێتوو هەوڵ بۆ کردنی بدات، هیچ شتێك نییە لەئاستی مرۆڤدا مەحاڵ بێ.

لێرەدا باسەکەمان لەسەر کۆمەڵی کوردەواری بەڕێوە ئەبەین لە پێناوی چاك کردنی هەندێ لە گیروگرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤی کورد.

## بێ هێزی کەسیەتی :

بۆچی زۆر لە خەڵکانی کۆمەڵی ئێمە هەست بە بێهێزی کەسیەتی خۆیان دەکەن؟ منداڵێکی قووتابخانە سەرەتاییەکان بەرانبەر بەخوێندکارێکی تری زیرەك یان دەوڵەمەند، لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی تا دەگاتە ئاستی زانکۆ بە هەمان بارووددۆخدا ئەڕوات بۆچی؟ لە کۆمەڵگادا هەمان شێوە کەسێکی ئاسایی و هەژار بەرانبەر بەکەسانی سەرمایەدار و لێپرسراوان و خانەدانان بێهێزی خۆی لەبەر پێی هۆشیدا ئەبینێ، لە ڕەوتی کۆرەوی بەکۆمەڵی خەلکی کورد بۆ هەندەران، لەم گەشتەدا هەمەجۆری خەڵکی کورد بەشدارە بە زانا و بەنەزانەوە، بەهەژار و بە دەوڵەمەندەوە هەموو تێکڕا کە دەگەنە هەندەران بەڕێژەیەکی زۆرایەتی کە هەندێك لەوانە پێ ئەچێ مێژووی گوزەریان لە هەندەران بۆ ڕۆژگارێکی درێژو ساڵانێکی بەسەر چووی بەر لە ئێستا بگەڕێتەوە، کەچی بەهەمان بارودۆخی ئەو خوێندکارانە و ئەو خەڵکە ئاساییانەی کۆمەڵگای وڵاتدا دەڕۆن لە نێو ژیانی ڕۆژانەی ئاوارەیی ئەوروپادا، وە یاخود توانای تێکەڵ بوونی گشتی کۆمەڵی ئەروپییان نییە!

لێرەدا هەمان شێوە ئەو هێزە بێ کۆتاییەی مرۆڤ کە لەماڵی نەستدا گوزەران دەکا مرۆڤ خۆی دەیکاتە بەندی ترس و ڕێگای دەرباز بوونی پێ نادات، چونکە هەموو کات بەڕووی خێوی لەشدا ئەڵێ ئەوان دەوڵەمەند و من هەژار ئەوان زیرەك و من تەمبەڵ ئەوان ئەوروپی و من خۆرهەڵاتییەك، من لەتوانای ئەواندا نیم و ئێمە پێکەوە ناگونجێین. پێویستە من لە بۆ ئەو کۆمەڵە بگەڕێم کە پێکەوە ئەتوانین هەڵ بکەین، بەڵام ناهێڵێ کە نەستی دوا هەستی خۆی بێتەکارو جارێکی دی خۆی دروست بکاتەوە و بڵێ من مرۆڤێکی ئازادم و ژیرم توانای هەموو شتێکم هەیە و من کەسێکی دەوڵەمەند و ڕۆشنبیرم، کەس تەمبەڵ نیەکەس هەژار نییە و کەسیش

نارۆشنبیر نییە، هەوڵ بدە بخوێنە بەدەنت لەخێوی لەشت جیا بکەرەوە ئێوە دوو ئامڕازن پێویستیتان بەیەك هەیە پرس بەیەك بکەن تا ژیانتان ئاسودەبێ، خێوی لەشتماڵی دەستی ترس و ناتوانم مەحاڵە مەکە ئەوسا کەسێکی سەرکەوتوویت، لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا تەنگ و چەڵەی زۆرمان دی و ئێستاش زۆر هەن و زۆریش بەرێگاوەن. ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 کۆمەڵێ تەنگ و چەڵەمەی زیادی تری ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیشی هێنایەکایەوە، زۆر لەو تەنگ و چەڵەمانە کوردی فێری خۆکووشتن کرد، زۆریشیان نەیان دەتوانی خۆیان بکوژن دەستیان نەدەچووە خوێنی خودی خۆیان ناچار ڕێگەیەکی تریان هەڵدەبژارد بۆ مردن کە ئاڵتەرناتیڤ ترین شێوە شەڕی برا کوژی باشوری کوردستان بوو، بەم جۆرە تای تەرازووی نالەبارییە دەروونییەکانی خۆیان پارسەنگ دەکرد، لە نێوەندی هەموو گیروگرفتێکدا دورگەیەکی ڕێگەچارەهەیە، زۆر لەمرۆڤی کورد لە دەرگای ڕاپەڕینەوە چ دێ نشین چ شار نشین تووشی کۆمەڵێ گۆڕانی ئەزەلی بوون خۆیان گۆڕی بیریان گۆری دواڕۆژیان ژیانیان بەگشتی، زۆر لە مرۆڤی کورد ئیمڕۆ لەبری تفەنگەکەی دەستی کە بەکاری دەهێنا هەر بۆ کووشتنی برای هاوخەباتی کورد لە ماوەی چەند ساڵەی ڕابوردا، ئیمڕۆ لە هەر ولاتێکی ئەوروپادا خۆی فێری زمانی ئەوروپی و کۆمپیوتەر و ژیانێکی پڕ ڕۆشنبیری سەردەم و بارو دۆخێکی گونجاو لە سەنگی قۆناغەکانی کۆمەڵی کوردیدا خۆی ئەبینێتەوە وەك مرۆڤێکی هاوچەرخ.
مرۆڤێکی دێ نشینی کورد لە باشوری کوردستاندا لەگەڵ ڕەوی بەلێشاوی کورد بۆ هەندەران هەمان شێوە بنە و بارگەی لە دێوە گوێزایەوە بۆ یەکێ لەسەرەکی ترین ولاتەکانی ئەوروپا و دەوڵەتێکی زل و زەبەلاحی پڕ تەکنەلۆژیای سەردەم کە ولاتی ئەڵمانە، ئەم مرۆڤە کوردە ئێستا لە یەکێ لە کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ئۆتۆمبیلی * ب م ڤ * دا کار دەکات کە پێش هاتنی بۆ ئەوروپا خوێندەوارییەکی هێندە بەتوانای نەبووە تەنانەت ڕێنوسی ناوی خۆیشی بەشێوەیەکی دروست  بکات، ئەم مرۆڤە کەسێکی سەر کەوتووە و دواڕۆژی ژیانی گەلێ باش دەبێ، چونکە ویستوویەتی خۆی بگۆڕێ هەنگاوێك لە قۆناغەکانی گۆڕانی مرۆڤی کورد بگرێتە بەرپێو کاری بۆ بکات، ئەم مرۆڤە ناترسێ و باوەڕێکی گەلێ بەرزی بەخۆی هەیە بۆیە توانیوێتی گۆڕانێکی ئەزەلی بەسەر ژیانی خۆیدا بهێنێ هەمان کات جێگەی شانازییە بۆ کۆمەڵی کورد،

## لە بناغەگشتیەکانی کۆمەڵ ناسیدا :

ئەوەی جێگەی مەخابوونە ئەم زانستە لەکۆمەڵی کوردەواریدا گرنگییەکی وەهای پێنەدراوە تاوەکو ئیڕۆ زۆرینەی خەڵکی کورد بەم زانستە ئاشنا بن و بتوانن ئاسان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی  خۆیاندا مامەڵەی لەگەڵ بکەن، کۆمەڵ ناسی زانستێکی ئاڵتونینە هەموو ڕۆژ و سەردەمێ یاساکانی لە لایەن دڵسۆزانی ئەم ڕێگایەوە دەمەزەرد دەکرێتەوە،  ئەم زانستەش ڕەهێڵەی دەرخستنی ئەو ڕێبازە ڕاستییەیە  کەزانستی لێکۆلینەوەی کۆمەڵ پەیڕەوی لێ ئەکات لەڕێگای ڕێبازەکانیەوە بۆ گەیشتن بەئامانجێکی نوێ شان بەشان لەنێو کۆمەڵدا زانستێکی تازە بۆ خودی تاك و کۆمەڵ بێنێتە کایەوە.
بۆ یەکەمین جار زانای فەرەنسی * ئۆگوست کۆنت * سودی لێوەر گرتووە و لەناو کۆمەڵی فەڕەنسیدا وەك زانستێکی سەردەم جاڕی بۆ داوە لە ولاتی بەریتانیای گەورەدا * جان ئیستوارت میل * بۆ  جاری دووهەم پەخشی کرد،  هەردوولا سودێکی  گەلێك  زۆریان بەڕەووتی بەرەو پێشچوونی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵدا.
بابەتی کۆمەڵ ناسی ڕووداوەکانی کۆمەڵ و دەروونیانە، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵە ژیانیشی ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەشەکردندایە و پەل و پۆی بۆ سەر خەڵکانی هەموو سەر رووی زەمین درێژدەکا کە نزیکەی 400 ساڵ لەمەوبەر سەری هەڵداوە و لەسەدەی نۆزدەوە لەزانستەکانی تر جیاکراوەتەوە.
چاوگەی هێزە بێ کۆتاییەکانی مرۆڤ چ کێشەیەکیان لەگەڵ کۆمەڵناسیدا هەیە و تا چەند مەترسی ئەخاتەسەر پێگەی بەرەو پێش چوونی؟

بێگومان دوو بلۆکی سەرەکی لەکۆمەڵدا وەك * تاك و کۆ * کۆڵەکەی گۆڕانکارییە جیاجیاکانی سەردەمن کە ئاشکرا جیاوازییەکی زۆر پان و بەرینیان لەنێواندا هەیە و سەر کەوتنی لایەکیان بەسەر لاکەی تریاندا داهات و بەردەوامییەکی پۆزەتیف یاخود نێگەتیف دێنێتە ئاراوە، لێرەوە هەوڵ ئەدەین بچینە بنچینەکانیانەوە لەبنکە و بنیاتەکۆمەڵایەتیەکانەوە دەست پێ دەکەین.

## * بنکەو بنیاتەکۆمەڵایەتیەکان :

ئەم دەزگایە بۆ دابین کردنی نیازەکانی کۆمەڵ گەلێك گرنگە، کە بریتیـیە لە ڕێکخراوێك شێوە و دیاریکراوێتی تایبەتی کۆمەڵایەتی هەیە وەك چۆن لەبنیاتە ڕامیاری و ئاینی و بنەماڵەییەکاندا کاریگەرێتیان هەیە، ئەمانەش بەرهەمیان زۆرە و پابەندن بە کۆمەڵێك چالاکی کۆمەڵایەتیەوە لەوانە ڕێ و وێنە کۆمەڵایەتیەکان داب و نەریت هەڵس و کەوت خووڕەوشت بڕیارو یاسا کۆمەڵایەتیەکان نموونەیەکن لە تێکۆشانی بنیاتە کۆمەڵایەتیەکان، کە بەدوای ئەمەدا داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و سوننەتی کۆمەڵایەتی و بڕیارەکانی دێ. جا ئایەچۆن چاوگەی هێزە بێ کۆتاییەکان لەبنکەو بنیاتە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەر هەڵ ئەدەن و پابەند بەکام بلۆکی نێو کۆمەڵگا ئەبن؟ بێگومان لە تاکەکەسەوە .

**تاك :** زارەوەیەکی تازەیە بۆ مێژووی زانستی مرۆڤ، بەڵام بیرۆکەکە کۆنترە وەك لەوەی لەچەمکێکی سەرهەڵدانی زانستی کۆمەڵەوە تەماشای بکەین، دوژمنی سەرەکی ئەم بیرۆکەیە کۆمەڵە و بەردەوام لە بەردەمی تاکە کەسدا وەك دیوارێکی ئاسنین ڕاوەستاوە، هەندێ جاریش ئەم ڕاوەستانەی کۆمەڵ بەرانبەر تاکە کەس بوونیەتێکی پۆزەتیفە و بۆ داهاتێکی باش خەبات دەکات وەك بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمەفاشی و دیکتاتۆرییەکان لەلایەن جەماوەرەوە.
کۆمەڵ زۆربەی جار تاك بەخۆپەرست ناو دەبا و هۆکارە سۆزەکانی تاك کەوەدەری ناوە لە کۆمەڵ بەخراپ دەزانن، وە لەلایەن کۆمەڵەوە سزای ئاینی و کۆمەڵایەتی ئەدرێن، زاراوەی تاکەکەس بۆ یەکەمین جار * تایلۆ فیلی * لەپەرتووکی دیمکراسیدا سودی لێوەرگرت و بەکاری هێنا، ئێمە لێرەدا ئەو تاکانە هەڵ دەبژێرین کە دەبنە هەنگاوێك بۆ گۆڕانەکانی قۆناغی کۆمەڵی کوردی، ئەو تاکانەی کە ئاڵای ئازادی ماف و دەنگ دانی خۆیان لەژیانی تاکە کەسیدا بەرز کردۆتەوە، ئەو تاکەی یاری لەگەڵ ئاگری یاسا کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان دەکا، بێگومان ئەم کێشەیە لە نێو گەلی کوردا بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە پەل و پۆی سەرتاپای خاکی کوردستانی گرتۆتەوە، زۆر لەلاوان و گەنجانی کۆمەڵی کوردی دووچاری ئەم ئاگری بەربەرەکانێی یاسا کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەکان و سوننەتەکانی بوون کە بە هۆی نەتوانایی بەرەنگاربوونەوەیان بەر سانسۆرە دڕندەکانی کۆمەڵ دەکەون و هەندێ جار گیانیشیان لەدەست ئەدەن لەو پێناوەدا، وەك بزووتنەوەی تاکەکانی کیژانی کورد لە هەندەران بەگشتی و لەووڵاتی * سوێد * بەتایبەتی کە تائێستا ڕێژەیەکی زۆرینەی کیژانی کورد بەر دادگای داب و نەریت و سونەتە کۆمەڵایەتیەکان کەوتوون، نەبوونی ئازادی هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاوسەری ژیان بۆ کیژانی کورد یەکێکە لەخاڵەکانی زەوت کردنی مافی تاکەکەسی لەلایەن کۆمەڵەوە، کەواتە لێرەدا کۆمەڵی کوردی ددانی ڕەق و تیژی زۆرداریيە کە لە بەژنی بێ دەستەڵاتی کیژانی تاکی کۆمەڵ گیربووە، نەبوونی بڕیاری خۆ وویستی دڵداری و هەڵبژاردنی هاوسەر، بازاڕ جیایی و ، کارکردنی سەربەست و، بیروڕای تایبەت و پێگەی خوێندن و خۆ ڕۆشنبیرکردن هەمان شێوە نموونەن لەبەر دەم بەربەرەکانێی کۆمەڵ بەسەر تاکدا. کارێکی دژوارە ئەگەر تاك بیەوێ گۆڕان بەسەر کۆمەڵدا بهێنێ، تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی سەخت دەبێ و هەندێ جار گۆمی خوێنێکی مەنگ ئەخاتەوە، من وەك خۆم گرنگییەکی زۆر بەتاك ئەدەم، ئەو تاکەی کەلەکۆمەڵدا وەدەر دەکەوێ خاوەنی هێزێکی بێ کۆتایی دەروونی خۆیەتی، دیارە لێرەدا مەبەستمان لە تاکی خاوەن بیرو هۆشە وەك پێشتر ئاماژەمان لەبۆ کرد هەندێ جار تاکی دزێویش لە کۆمەڵ وەدەر دەکەوێ، لە پۆلێکدا خوێندکارێك وەدەردەکەوێ لە گروپی پۆلەکەی کە زیاتر گرنگی بەخوێندن دەدات وەك لەوانی دیکەی تر، ئەم تاکە گرنگییەکی زۆری دەبێ ئەوسات توانای نییە هەموو پۆلەکەبەرەو

ڕەووتی خوێندن بەرێ تووشی تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵی قووتابییەکانی ناو پۆلەکەی دەبێ، * عبدلخالق * لە نووسینی ئادەمیزاد لەکۆمەڵی ئیسلامدا نەیتوانی بەرەنگاری کۆمەڵ بێتەوە تا ناچار بەر سانسۆری یاسا کۆمەڵایەتیەکان کەوت گیانی پاکیان لەجەستەی بێ تاوانی جیا کردەوە، تاکە تاوانی عبدلخالق ئەوە بوو کەڕاستی لەکۆمەڵی کوردی نەدەشاردەوە، شێرکۆ بێکەس * لەسەر *حەمەبچکۆلی بۆیاغچی * بەر هەڕەشەی فتوای یاسا ئایینیەکان کەوت بەڵام خۆشبەختانە هەتا ئێستاش لەژیاندایە،

لە سەردەمانێکی وەك ئیمڕۆی ژیانی گەلانی جیهاندا زۆرینەی مرۆڤ لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەردەوام بەرەو پێشەوە ئەڕۆن و بەئامانجی گەورە و قەڵە و ئەگەن، بەڵام ئەم مرۆڤانە تێروپڕن لەهۆشیاری و ئاگا لەخۆ بوون وە بەهێزن و تەندروستیان باشە لەڕووی تێڕوانینەوە بۆ باوەڕ بوون بەچاوگەی هێزە بێ کۆتاییەکانی خۆیان زۆری دیکەی تر ڕێجیم دەکەن لەبۆرانی بیرو ئاگا لەخۆبوون، تووشی دوو دڵی دەبن و ڕووخاندن وەبەر چاوی خۆیاندا ئەدەن، هۆشیاریان ئەمرێنن و خێوی گیانیان بەندی بێ توانایی ئەکەن. هێزە بێ کۆتاییەکانی گیانی لە نێوەندی قەفەزی خەم و کەم دەستی ئەکات. بەم شێوەیە ناتوانێ زاڵ بێ بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا و دیلی تەنینی جاڵجاڵۆکەکانی بێ دەستەڵاتی و کۆمەڵ دەبێ .

## هێزە بێ کۆتاییەکان بۆ سەر سوڕمان ژیانێکی نوێ دروست ئەکات :

کراوەبە بەرانبەر هێزەبێ کۆتاییەکان کە لەناختدا گوزەر دەکا، کەچۆن لەکاتی نەخۆشیەکدا پاڵت ئەنێ و دوو دڵی و خۆ هەڵخڵەتاندن پاڵ ئەنێتە دەرەوە پاشان ئەتخاتەسەر ڕێگای تەندروستی و دڵ شادی، ئەگەر بێتو هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزەدا بکەیت کە لەناو گیانتا دەژی و سەربەستی بکەیت لەبۆ کردنی کارێك لەگەڵ خۆت ئەوەیەکەمین هەنگاوت هێناوەتە نێو باوەڕی بیرلێکردنەوەوە، بۆ ڕوونکردنەوەیەك لێرەدا پەنا ئەبەینەبەر چەند سەرنجێك لەبۆ ناسینی هۆکارەکان.

1ـ هەست : ئاشکرایە ڕووکەشی هەست لە دەرەوەیە و توانای ئەوەی هەیە هەستی پێ بکرێ. بۆ نموونە پێدا خشانی تەنێك بەسەر بەشێك لەجەستەتدا کە ڕاستەو خۆ دەمارەکانی هەست دەیگەیەنن بەمێشك.

2ـ نەست : نەست هەمان شێوە وەك هەست ڕەنگ و شێوەی نییە، پەیامەکانیشی لەڕێگای هەستەوە ئەدرێت بە مێشك هەر ئەم هۆکارەشە وای لە مرۆڤ کردووە ئەم کاریگەرێتیە ناو بنێ خێوی لەش .

هێزە بێ کۆتاییەکان لە سندوقی بیری ئەو دایە، ئەو لێکدانەوە لەسەر ڕووداوەکان ئەکات و بەهەستی دەگەیەنێ، کەجارێك مرۆڤ دەڵێ با بیری لێبکەمەوە ئەو بیر کردنەوەیە خۆی لەخۆیدا گفتووگۆی نێوان هەست و نەستە، وەیاخود لەکاتی مەترسیدا تۆ هەست دەکەیت کە مەترسی هەیە بەڵام تەواو دڵنیا نیت لەچۆنیەتی گەورەیی و بەرئەنجامەکانی بۆیە لەو کاتەدا هەوڵ ئەدەیت نەستت بێتە گۆ و سەربەستی ئەکەیت لە بڕیارەکانی هێندە نابات تۆ بڕیار لەسەر کردنی کارێك ئەدەیت، ئەو بڕیارە یەکێکە لە نموونەی کارەکانی هێزە بێ کۆتاییەکانت. هەندێ مرۆڤ پێش کارەساتەکە بڕیاری کردنی کارێکیان داوە چونکە ئەوان خێوی لەشیان سەربەست کردووە لەبڕیاردان، لەخەڵکانی تردا نەخێر تەنها لەکاتی مەترسیدا دێنەگۆ و ئەچنە خەیاڵی مرۆڤەوە. لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەگەر یەکێك لەناو کۆمەڵدا زۆر وریا بێ و کاری زۆر بەئەنجام بگەیەنێ پێی ئەڵێن هەڵۆیە. وەیاخود لەناو هێزی پێشمەرگەدا بەپێشمەرگەیەکی جەربەزەو وریا ئەڵێن هەڵۆ، ئەو هەڵۆیەتیە بە سەربەست کردنی خێوی لەش دێتەکایەوە. جاری وا هەیە مرۆڤ پێویستە لەسەری چەند کارێك بکات وەیاخود نەیکات، بەڵام کردن و نەکردنەکەی ماوە ئەبات دوای چەند ساڵێ لەپڕ زەنگێ لێ ئەدات لەناو مێشکی ئەو کەسەدا و بڕیار لەسەر کردن یان نەکردنی ئەو کارە ئەدات، لێرەدا مانای ئەوەیە نەستی ئەو مرۆڤەخێوی لەشی ئەو مرۆڤە لەوەزیاتر چ دی توانای چاوەڕوانی نەماوە بۆیە ئێستا کاتی کردنی یان نەکردنی ئەو کارەیە، واتە بەردەوام بوون لەسەر کردنی ئەو کارەی کە خێوی لەش بەدڵی نییە، یان ئەو کارەی کە بەدڵیەتی و تۆ هەر نایکەیت، هەندێ جار لەکۆمەڵدا ڕووئەدات مرۆڤێ دوای چەند ساڵێ بێ کاری و دەست بەتاڵی ئەڵێ تەواو من ئەبێ کار بکەم کەسەکەی بەرانبەری پێی دەڵێ هەرباشە ئێستاش بەئاگا دێیت. هۆکار زۆرن کەدەبنە هۆی شکست کردنی چالاکیەکانی خێوی لەش و هێزە لەبن

نەهاتووەکانی مرۆڤ ، پاشان مرۆڤ دەبێ بەسەلیقەی خۆی درك بەسستیەکانی جولاَنەوەی ژیانی رۆژانەی خۆی بکات، ترسناکترین فاکتەر لەسەر شکست کردنی ئەم هێزە ترسە کە ناهێڵێ ئەو هێزە گەشەبکات و چالاکی لەگەڵ هەستی مرۆڤدا هەبێ ، با کەمێك پێداچوونەوەیەك بەترسدا بکەین ،

## ترس :

## مانای ترس چی‌یە؟

بریتی‌یە لە گرووژمێك کە بەدەمارە هەستیارەکانی مرۆڤدا تێدەپەڕێ، ئەو تەووژمە دەبێتە دیوارێك لەرێگەگرتنی کارێك وەیان بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە هەمان شێوە ترس هۆکارە لە کەلەپچەکردنی چاوگەی هێزە بێ کۆتاییەکاندا و خێوی لەش دیلی نێو قەفەزی لەرزین ئەکات. هەموو دەمارە هەستیارەکانی مرۆڤ لەژیانی ئاسایی خۆیاندا کارەکانی خۆیان بەرێوە ئەبەن ترس یەکێکە لەو ئەرکانەی لەسەریانە، بۆ نموونە لەدەست لە بۆ ئاگر بردن یان پیاچوونی نوکێکی تیژ بە بەدەنا، یان لەماڵ سووتاندا لە بۆ خۆرزگارکردن، لە سەرما بووندا نەهێشتنی رەق بوونەوە ... هتد . ئەمانە کاری ئاسایی دەمارە هەستیارەکانن لەم جۆرانە ئێمەزۆر پەیوەندیمان پێوە نابێ ئەوەی ئێمە لە باسەکەماندا پێویستمانە بابەتە دەروونیەکەیەتی، مرۆڤ چۆن ئەتوانێ نەهێڵێ ترس کاربکاتە سەر بێ هێزکردنی چاوگەی هێزە لەبن نەهاتووەکانی؟ بێگومان بەبیری باش * پۆزەتیڤ * .

باوەڕ بەخۆبوون و بیری باش شان بەشان رۆشنبین بین نەگ رەش بین، ئەو مرۆڤەی گەیشتە سەر لوتکەی هیمالایە بە یەکەمین هەنگاو دەستی پێکرد، باشترین نموونە لە بۆ ئەم باسەمان لەمێژووی شۆڕشی شۆتلاندا گەلی شۆتلەندی هەر بەترس پەروەردە ببوون بۆیە کە شەرێکیان ئەکرد و لەشکریان کۆدەکردەوە بەترسەوە ئەچوون و پاشان گفتووگۆیان لەگەڵ میردا ئەکرد لەبری کردنی شەرەکە سەرکردەکان بەرتیلیان وەرئەگرت و ئەگەرانەوە، تا سەردەمی هاتنی * ولیەم وۆلیس * لە شەرێکدا کەجەنگاوەرەکانی شۆتلاند لەترساندا نیازی گەرانەوەیان هەبوو، ولیەم لەو شەرەدا ورەی جەنگاوەرەکانی بەشێوەیەك هەژاند و بەرزکردەوە دوژمنی لەبەرچاویان کردە گەردێکی بچکۆلە و جانەوەرێکی ترسنۆك، لەو لەشکرە زل و بەهایەی ئینگلیز هیچیان لێ دەر نەچوو شۆتلەندیەکان شەرەکەیان بردەوە. ئێمە نامانەوێ باسەکەمان لە سایکۆلۆژیەتی جەنگدا بەکار بهێنین بەڵکو لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵانی خەڵکدا.

دەبێت سەرنج و ئاگادارییەك بخەینە سەر ئەو جۆرە ترسانەی * پۆزەتیڤن * لەگەڵ ترسەنێگە تیڤەکاندا تێکەڵیان نەکەین و لەکاتی روودانی هەریەکێك لەم ترسانە بەسەلیقە بەرەو روویان بینەوە،

**ترسی پۆزەتیڤ :** ئەو ترسەیە کەخراپی باروودۆخێك هەڵ ئەسەنگێنێ و دڵی لێ پیس ئەکات لەم کاتەدا خێوی لەش کار ئەکاتە سەر هەستی مرۆڤەکەو دوو دڵی تووش ئەکات و ئەکەوێتە بیر کردنەوە تا گەیشتن بە بریارێکی راست هەندێ جار خێرایی ئەم بیرکردنەوەیە لەچاو تروکاندێکدا ئەگاتە بریار دانێك پێچەوانەکەشی راستە. هەل و دەرفەت قواستنەوە نموونەیەکن لەبریاری خێرا، درۆکردن بەرانبەر کەسی دووهەم لەدادگادا لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵایەتیدا خێرایی پەرچدانەوەی پرسیارێك کەکەسی دووهەم رازی ئەکەیت نموونەیەکن هەمان شێوە لەخێرایی گفتووگۆی نێوان خێوی لەش و هەستدا کە لەزمانی کۆمەڵدا پێی ئەڵێن بیرکردنەوە. لە داب و نەریتی زۆر لەنەتەوەکانی سەر رووی جیهاندا بارودۆخێك دووبارە ئەبێتەوە کەهەمان شێوە ئەو بارودۆخە بە گەلەکەی ئێمەش نامۆ نییە، کە مرۆڤێك دەڵێ * دڵم خەبەری داوە * لەباش و لەخراپدا هەمان کاری چاوگەی هێزە بێ کۆتاییەکانی مرۆڤە بەسەرکەوتن یان بە لە بەئەنجام نەگەیاندنی کارێك، خێوی لەش ئەتوانێ لەپێش هەستەوە درك بەو کارە بکات شیکاری لێکۆڵینەوەکەی لابێت.

**ترسی نێگەتیڤ :** ئەو ترسەیە کە هەست کارێکی راستەو خۆ ئەکاتە سەر خێوی لەش و لەهاریکاری بیرکردنەوە و بریاردانی ئەبچرێنێ بەشێوەیەك کە هەست ئەبێتە دادوەرو زاڵ ئەبێ بەسەر خێوی لەش و تێکرای دەمارە هەستیارەکانی بەدەندا، ترسی نێگەتیڤ کاریگەرێتی دەرەکی زۆر لەسەرە و ئەوانیش هۆکاری دروست بوونی ترسی نێگەتیڤن دووبارە بوونەوەی ئەبێتە هۆی نەخۆشی ترسنۆکی.

ئەو فاکتەرانەی ئەبنە هۆی دروست بوونی ترسی نێگەتیڤ ئەمانەن.
1ـ قەبارە 2ـ ڕەنگ 3ـ هێز 4ـ مادەـ سەرژمێر 6ـ ساردی 7ـ گەرمی6 8ـ زانست
لە کۆمەڵدا هەمووکات مرۆڤی گەورە و کەڵەگەت و بەقەدو باڵا ترسێکی نێگەتیڤ ئەکەنەسەر کەسانی دیکەی تر، هەروەها ڕەنگ هەمان شێوە ترسی نێگەتیڤ دروست ئەکەن بەتایبەت ڕەش ئەو مرۆڤانەی ڕەش پۆشن یان ڕەش پێستن هەمووکات جێگەی سەرنجن، تاریکی شوێن یان شەوی زۆر تاریك و توون ترسی نێگەتیڤیان هەیە، هەمان شێوە ئەو خاڵانەی دیکەی تر لە سایکۆلۆژیەتی بارو دۆخی خۆیاندا ترسی نێگەتیڤیان هەیە.
مامۆستا فایەقی بەرزو بڵند دەڵێ :

قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە        تۆپ و تەیارەی هەیە
ئیتفاقتان گەر هەبێ        زۆر زەحمەتەخۆی ڕاگرێ،

تەماشا ئەکەی مامۆستا فایەق لە نەتەوەپەرستی خۆیدا چووەتە ناخی ترسی نێگەتیڤی گەلی کوردەوە، بە هۆی ئەم هۆنراوەیەوە بانگەوازی پێدادانی دووژمنیان لێدەکات.
وەك ئاماژەمان بۆ کرد لە هەریەك لەو هۆکارە ترسە نێگەتیڤانەدا بۆ سەر مرۆڤ ڕەشەبای لاوازییەك هەڵ ئەکات و کارێکی ڕاستەوخۆی دەروونی دەکەنە سەر هێزەبێ کۆتاییەکانی مرۆڤ و هەوڵی لاواز کردنیان ئەدا لەزانستی کۆمەڵدا بیری باش وەك نوێژی لێدێ و وەك وتە ئاینیەکان مرۆڤی هۆشمەند ڕەفتاری لەگەڵ دەکات مرۆڤێکی پڕ باوەری ئاینی لەگەڵ هەموو هەڵس و کەوتێکیدا ناوی یەزدان یان خودا ئەهێنێ و بەپشتیوانی ئەو کارەکەی دەکات. ئەم مرۆڤە باوەری تەواو دەکاتە سەر گفتەکانی بۆیە ترسێکی گیانی * ڕۆحی * پەیدا ئەکات و خۆی ئەکاتە دیلی باوەڕەکەی. مرۆڤ بۆ ئەوەی ترسی گیانی و باوەڕی لەباوەڕیدا وەدەرنێ پێویستە لە باسەکان بگات زانستیانە باوەڕێك پەیدا بکات لە کەلەپچەی ترسی ڕۆحی ڕزگاری ببێت نموونەش لە بۆ ئەمە هەموو کات باش بیرکردنەوەیە* پۆزەتیڤ * لەکاتی ناخۆشترین بارووداۆخدا جگەلەوەی هەوڵی چارەسەرکردن ئەدەیت ڕۆشن بینبە هیوا بەرمەدە نوێژێکی زانستیانە بۆ گەشەپێدانی چاوگەی هێزەبێ کۆتاییەکان و خێوی لەشت بکە، بەڕووی خێوی لەشتا هەمیشە بڵێ من ناڕووخێم من لەتوانامدایە بەردەوامی، من سەرئەکەوم. بۆ نموونە ئەگەر نیوەی کێشی خۆت لەیانەیەکی شۆخ و شەنگدا بتەوێ بەرز بکەیتەوە، تەماشای کێشەکە ئەکەیت بەرلەوەی بەرزی بکەیتەوە ڕاستەوخۆ ئەڵێی ئای ئەمە قورسە من نایتوانم پاشان کە لەژێر کێشەکەدا ڕائەکشێی ئەتەوێ بەرزی بکەیتەوە توانات نییە بەرزی بکەیتەوە چونکە باوەڕت بەخۆت نەهانیبوو کە لە تواناتدایە ئەو کێشە بەرز بکەیتەوە، وەك وتمان هۆکارە دەرەکیەکان فاکتەرێکی بەهێزن لەسەر دەروون بۆیە هەرگیز ڕەش بین مەبە لەبەردەم کارێك کە لە پێشتدایە بۆ کردنی، ئەگەر هات و سەر کەتووش نەبوویت لە ئەنجامی کارێکدا ئەوا هەر پۆزەتیڤ بیربکەرەوە و ناوی لێبنێ هەوڵدان نەگ لە توانادا نەبوون، بۆیە هەموو کات هەوڵدان هەنگاوی تری لە دوایە و بەردەوامی ئەدات بەکۆشش.
لە نیوەی دووهەمی مانگی حەوتی ساڵی 1999 دا بۆ زیاتر چوونە ناو قوڵایی بێ هێزی چاوگەی هێزە بێ کۆتاییەکانی مرۆڤی کوردەوە، لە کۆمپانیای بەرهەم هێنانی ئۆتۆمبیلی * ب م ڤ * دا نزیکەی دوو ڕۆژ کاری پاککردنەوەی دام و دەزگاکانیم ئەکرد، لەڕاستیدا ئەزموونێکی باش بوو بۆ من، لەو دوو ڕۆژەدا زۆر شتم بینی و چەندەها بیروڕای جیاواز جیاواز دەهات بە خەیاڵمدا و لێکدانەوەی نێوان خۆم و خێوی لەشم هەراسانی کردبووم هەستم بە سەپانی خۆم ئەکرد ڕەوتێکی تەواو مۆدێرنی سەپانی و کۆیلایەتی سەدەی کۆتایی بیستەکان کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کۆیلایەتی جولەکەکانی سەردەمی فیرعەونەکانی میسردا نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کە جوولەکەکان دیل بوون و ژێردەستە ئەژیان لەبن دەستی فیرعەونەکاندا، لەژێر زەبری قامچی و ئازاردا کاریان دەکرد، بەڵام لەم کۆمپانیایەدا کرێکارەکان ئازادن کەس بە زۆر کاریان پێ ناکات زەبری ئازاری قامچیش بەسەریاندا ناسەپێنرێ، ئەم کرێکارانە تەنها ئەوە نەبێ کەخۆیان لە خودی خۆیاندا سەپانیەتیان تێدایە و بەرەو ڕووی فیرعەونی سەردەمی چەوسانەوە ئەڕۆن، کارێك بەو قورسیەوە بەتایبەت لە کاتی بەتاڵی و ڕۆژانی پشوو و شەممە و یەك شەممەدا شایانی پێدانی مووچەیەکی زۆرە وە بەتایبەت کەکارەکە بە ڕەش ئەکرا دەبوایە مووچەی کارەکە بەلانی کەمەوە لە 50% بەرەو سەروتر بدرایە، وە بەتایبەت کاری شەو باجی نیەو مووچەکەی بەرزتر دەبێ وەك لەکاری ڕۆژ. لە ژیانی مۆدێرنی ئەوروپادا

خێرا کارکردن و وشەی خێرا یان خێراتر بۆ کارکردن ئەبێت بە کۆیلەکردنی کرێکاران و لە سنوری یاسایی کارکردن دەردەچێ، بەش بەحاڵی خۆم هەتا ئیمرۆ ئەو بارودۆخەم بەخۆمەوە نەدیبوو لەژیانی کارکردنی ئەوروپامدا، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجەکەخاوەن کارەکان تورك بوون و کرێکارەکانیش لە 95% کورد بوون، ئەو کوردانەی کەچارەنووسی خۆیان دابووە دەستی * ئەی چی بکەین *

پاشان برینی کات لە رێژەی کارکردنی کرێکار بە بەهانەی باش کار نەکردن و بەجێهێشتنی پەڵە لەکارەکەیاندا کارێکی نارەوا و چەوسێنەرانەیە و یاسای کار رەتی دەکاتەوە، رێز نەگرتنی کرێکاران و بەچاوی کۆیلە سەیرکردنیان رەووشتی نابەجێ و بەدی کۆنەپەرستی و ئاغایەتییە، ئێمەلێرەدا نامانەوێ لە باسەکەماندا ئاڵای کۆمۆنیستی هەڵ بکەین بەڵکو سەرنجی بارودۆخەکە ئەدەین و لەوە ئەگەرێین بزانین بۆچی ئەو کرێکارانە حەز بەسەپانی خۆیان دەکەن؟ من وەك خۆم ئەو خەڵکانە بە کرێکار نازانم ئەگەر ناویشیان بنێین کرێکار ئەوا ئەوانە کرێکاری وەرزین. کرێکاری وەرزیش خەڵکانی بەرژەوەند چی و وورده بۆرژوان هەر بۆیەش کارکردنەکانیان بۆ ماوەیەکە و هاوئاهەنگی کرێکاری تێدا نادۆزرێتەوەو هەموو کات ئامادەیە بەنرخێکی هەرزانتریش هێزو بازووی خۆی بفرۆشێ، ئەوەی لای ئێمە گرنگە بارودۆخە دەروونیەکەی ئەو کەسانەیە، زۆربەی زۆری ئەو کرێکارانە چاوگەی هێزە لەبن نەهاتووەکانیان و خێوی لەشیان زنجیری گەورە و ئەستور لە دەست و پێیاندایە خۆیان لەسەر چەوساندوە راهێناوە بە هۆی ئەوەی کە توانایان نییە ئەو کۆت و زنجیرەی دەست و پێی خێوی لەشیان بپچرێنن و خۆیان لە کۆیلەیەتی رزگار بکەن.

بەرێزت لە بۆ ئەوە لە دایك بوویت کە ئارام و سەربەست و ئاسودەبیت لەژیاندا، بۆ هۆشیار بوون لەپێگەی هێزە لەبن نەهاتوەکاندا پێوویستە مرۆڤ بە باوەرەوە بۆ دەروازەی باسەکان بچێ و مامەڵەیان لەگەڵ بکات. باوەرت بەوە هەبێ کە لەناخی خودی خۆتدا تەنها نیت بەڵکو هەموو کات کەسێکت لەگەڵدایە لەناختا ئەژی وەك دوانەی لێك جیانەکراوەوان . سا ئێستا هەر ئێستا ببە میوانی ئەو هێزە و لەو دیلایەتیەخۆت رزگار بکە، هەر ئێستا نوێژی زانستی خۆت بکە لەبەردەم ئاوێنە بچکۆلەکەی ناو هەر شوێنێك لەماڵەکەتدا تەماشای خۆت بکە و بڵێ من خاوەنی هێزێکی بێ کۆتام، من لە توانامدایە هەمووشت بکەم، من بەتوانام من ژیرم من سەربەستم، کۆیلەیەتی کاری من نییە من لەبۆ ئەوە لەدایك بووم بەرەو پێش بچم راوەستان لەخاڵی چەقیووی جوڵاندا کاری من نییە و من شایانی بەگەیشتنی ئامانجی چاکترم لەژیاندا. بەو شێوەیە ترس لەدڵتا دەست و پێی لەکۆت ئەکەیت و فرێی ئەدەیتەدەرەوە،

ئەو جۆرەکارەی کە من بینیم لە هاورێ و دۆست و ئەندامانی گەلی کوردەوە پێ ئەچێ لەجێگەی دیکەی تریش وێنەیان هەبێ، دڵنیام لەوەی لە رەفتارە بە کۆمەڵەکانی مرۆڤی کوردا هەمان شێوە شێتی کۆمەڵایەتی کاریگەرێتییەکی زۆری لەسەرە و ئەو مرۆڤانە تەنها ئەوە نەبێ دوای کارێکی بەکۆمەڵ کەوتوون بێ ئەوەی بیر لە پاداشتی داهاتی خۆیان بکەنەوە، چاولێکەرییە کۆمەڵایەتیەکان بەری چاوی بیرکردنەوەی گرتوون.

ئەم رەفتارەش یەکێکە لە جۆرەکانی رەفتاری گروپ کە لەسەر بناغەی کردەوە دوو لایەنیەکانی دوو کەس یان ژمارەیەکی زۆرتر، لایەنێك لەرەفتاری گرۆیی کەباری سۆز و میهرەبانی توندی هەیە و بناغەی لەسەر کردەوەی وەڵامدانەوەی دوولایەنە دانراوە و پێی دەڵێن * رەفتاری بەکۆمەڵ * ئەوانە چەند وەڵام و دژەکردەوەیەکن کە بە هۆی چەند وەدەرنانێك لە کەسێکدا سەر هەڵ ئەدەن پاشان ئەبنە دنەدەری کەسانی تر، ئەو بارەش لەواندا دەخوڵقێنێ، ئەم جارە ئەم بارە لە یەکەم کەسدا لەسەر کەسانی تر کاریگەر ئەبێ، پاشان ئەم دژە کردەوە و وەڵامدانە توندانە سەر ئەکێشێتە لای دژەکردەوەی توندترەوە، بەم جۆرە هەمیشە ئەم وەڵامدانەوەی ئەندامانی کۆمەڵ توند و توندتر ئەبێ لەم بارەدا ئەبێ بڵێین کردەوە دوولایەنە خولیاکان ئەبنە هۆی ئەوەی کەسانی تر تووشی ئەو کردەوەیەبن، واتا ئەندامانی کۆمەڵ بە توووندی فێری رەفتاری بە کۆمەڵ ئەبن و بەم جۆرە هاورەنگییەك دەگرن .

کەوا بوو دەکرێ بڵێین رەفتاری بەکۆمەڵ رەفتارێکی خاوەن سۆزە کە بەهۆی رووداو یان بارودۆخێکەوە لە کەسێك یان چەند کەسێکەوەروو ئەدات و ئەندامانی تر فێری ئەبن و لە ئاکامدا گرۆیەك کە رەفتاریان وەك یەك بێ پێك دێ. بۆ نموونە وەك کرێکارانی کۆمپانیای * ب م ڤ * ئەم رەفتارە بەئەندازەی وێنەی کۆمەڵایەتی سەقام گیرنییە، ئەمانەش بریتین لە مۆدی کۆمەڵایەتی و هەوەسی کۆمەڵایەتی و شێتی

کۆمەڵایەتی و ترسی کۆمەڵایەتی.
هەندێ جار مۆدە کۆمەڵایەتیەکان یان شێتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیاندا قۆناغێکی تازە دێننەکایەوە کە بە هۆیەوە کۆمەڵ دەبزوێ بۆ گۆڕانێکی نوێ بەسەر قۆناغەکانی گۆڕانی خۆیدا دێنێ و کە لەم بوارەدا دەکرێ چاولێکەرییە گرۆییەکان کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤیان هەبێ بۆ سەر کۆمەڵ.

کۆتایی

سەرچاوەکان :

1ـ دکتۆر جۆزێف مورفی * کانییە بێ کۆتاییەکانی هێزت * کلیلێك بۆ باش بیرکردنەوە.
2ـ گۆڤاری * دونیای معجیزە * ی ئەڵمانی کە هەفتانە دەر دەکرێت
3ـ دکتۆر حوسێنی خەلیقی * بناغەگشتییەکانی کۆمەڵ ناسی *

پۆلا سەعید
1999. 08. 20
ئەڵمانیا